# کۆڕی بەڕێز / ڕێواس ئەحمەد

# بابەت / تەکنیکی گێرانەوەی نوێکاری لە ڕۆمانی ژندا

**19/12/2006**

ئاوریشم ئەو جۆرە قوماشەی کە لەقە پێلکی کرمی ئاوریشم دروست دەکرا.. کە جۆرە جوانیەکو نەرمونۆلیەکی لەسەر جەستەی مرۆڤــ دروست دەکرد سەرەڕای دا پۆشین و پاراستن لەگەرماو سەرما سەردەمانێك لە ئەوروپا ئاوریشم بووە کفنی مردوەکان واتا بووە هۆی ئەوەی زیندوو مردوو لەبەری بکات و ئیقبالێکی زۆری ئەوجیهانە بکەوێتە سەر ئاوریشم .. لەبەر ئەوەی بۆ سالآنێکی زۆرو مێژوویەکی دورودرێژ ئاوریشم تەنیا لە (چین) وە بەهەرم دەهێنراو نهێنیەکەی پاراستراوبوو .. بەناچاری ئەم ڕێگا دوورودرێژەی نێوان چین و ئەوروپا بووە ڕێگایەکی سەرەکی ڕۆژهەلآت و ڕۆژئاوا بەیەك ببەستێتەوە .. هەر ئەمەش ببێتە هۆی ئەمەی شارستانیەتی ڕۆژهەلآتو ڕۆژئاوا موتربەی یەکتر بکەن و زۆر بیروبڕواو ئاین و ئەفسانەو نەریت جۆری خواردن و لەبەر کردن بگات بەیەك و سوود لەیەکتر وەرگرن.

یەکێ لەو ڕێگایانەی کەناوی "ڕێگای بخور" بوو کە لەهیندەوە دەهات تێکەڵ بەم ڕێگایە دەبووەوە دەهاتە شام و لەوێ وە دەچووە وە (جەزیرەی عەرەبی). یان بەمانایەکی دیکە ئەم بۆن و بەراموو بەهاراتەی هیندستانی بەجیهان بەخش و بلاودەکردەوە ئەم ڕێگایەش واتا ڕێگای حەریر ناوێکی دیاری تریش هەبوو ئەویش کەناوی (ڕێگای مەلەکیە)- ڕێگای پادشاهی – کە وەك ئیرین فرانك و دیڤید براونستون لەوەرگێرانی ئەحمەد مەحمود باسی دەکەن لەکێبەکەیان بەناوی ڕێگای حەریر (کەسەدوو دە) 110 ویستگەی پشوودانی هەبوو لەوسەری ڕێگاکەوە لەچین تا دەگاتە .. ئەوروپا.... ئەم ڕێگایەش یان ئەم ڕێگای پێویستی بەئاسایش هەبوو... بۆیێ بەڕێگای پارێزراودا تێدەپەری هەربۆیەش پێی دەووترا ڕێگای پادشا کە دەولەتەکانی ناوچەکە پارێزگاریان دەکردو خزمەتگوزاریان لەسەر ڕێگا دادەنا لەگەڵ پارێزگارانی ڕێگا بەهەمیشەیی بەلآم زۆر جاران کە حکومەتێکی ناوچەیەك لاواز دەبوو دەبووە هۆی گواستنەوەی ڕێگایەکە یان دروستبوونی پایتەختی دیکە یان شاری گەورەتر یان دۆزینەوەی جێگای خۆشتر وەك ڕێگا وەك چۆن بەتێك چوونی (نینوی) وولآتی ئاشور ڕێگا شێوەیەکی دیکەی گرتەبەر وەك لەم برگەیە (لەسەرەتای ئەوکاتانە فارسەکان هۆزێك بوون لەهۆزەکانی ئیرانی کە لەسەر بانی ئیران بەدیار کەوتن بنکەشیان دەکەوتە خوارووی چیای زاگرۆس وەلەسەر ڕێگای حەریرا نەبوو1- کە ئەم شوێنە لەدەستی "میدیەکان" بوو کە ڕێگای پێدا دەهاتوو دەچوو... کە میدیەکان ئەو هۆزەکەی دیکە بوون لەو هاوپەیمانەتیە شل و خاوەی پێکی بەستبونەوە. لەوکاتەدا (ئەکباتان) – ئیکباتان- پایتەختی ئەو میدیانە بوو .. کە بەمانای شوێنی کۆبونەوە دێت کە ئیمرۆ پێی دەڵێن (هەمەدان) . کە دەکەوێتە سەر ڕێگای حەریر. هەر لەم شوێنەوەش بۆ زاڵ بوون بەسەر ئەم ڕێگایە واتا ڕێگای (پادشاهی) یان ڕێگای حەریر.هەر بۆیەش ئاشوریەکان هێرشیان دەهێناوە جاربەجار دەگەیشتنە ڕەی بۆ ئەوەی بەسەر ئەم ڕێگایەدا زاڵ بن. یان بەهۆی ئەمەوە تالآنی ناوچەکان بکەن و بتوانن زۆرترین ڕەوە ( ئەسپ) کۆکەنەوە بۆ جەنگەکانیان لەوکاتەی کە زانیان عارەبانە کانیان توانای بەربەرەکانی سوارچاکانی میدیەکان نەبوو. هەر بۆیەش ئاشوریەکان جوەکانی لەسەر ئەم ڕێگایە جێنیش دەکرد بۆ پاراستنی ڕێگاکە سوود وەرگرتن لەناکۆکی نێوانیان ئالیرەدا ووتەی دانەران تەواو دەبێت ئێمەش بلێین بەهەمان شێوەش دواتر مەسیحیەکانیان .. لەسەر ئەم ڕێگایە دادەنا .. یان چۆن عوسمانیەکان تورکەکانیان لەسەر ڕێگای ئەنقەرە بەغدا دانابوو... لەئەنادۆڵەوە بۆ سنجار – موصڵ – هەولێر – ئاڵتون کۆپری – کەرکوك - کفری و – لای باقوبەو خانەقین و بەغدا.. کە ئێستاش پاشماوەی ئەوتورکانە ماوەتەوە کە بەدرێژایی حوکمی عوسمانیەکان کە نزیکی پێنج سەدەیەکی خایاند... ئەمەش هەمووی بۆ بەرپەرچ دانەوەی خەڵکی ناوچەکە کە کورد بووین ناوچەکەش کوردستان بوو.. کەواتە ئێمە کاتێ زانیمان میدیەکان لەبەشی سەرووی چیاکانی زاگرۆس دادەنیشتن و ڕێگای حەریریش بەهەمان شوێن دادەرۆیشت دەکاتە هەمان شوێنی ئێستای کوردستان و ئەو ڕێگایە دیارانەی ئێستاش جێگای هاتووچۆیان سروشتی و دیارە کە دەکەوێتە نێوان نەی نەواو ئەکباتان کە دەکاتە ئەو ڕێگای بەکێڵەشین و تۆبزاوە تێدەپەری بۆ جەزیرە واتا ناوچەی هەولێرو نەینەواو دواتریش ئەنادۆڵ و لێوار دەریاکانت و بەرەو ئەوروپا ئەمەش لەهەندێ بەڵگەی دیکە

ئاشکرای ئەمە دەکا سەرەرای ئەو چەند کێڵەی کەوا لەسەر رێگاکەدا هەبوو وەك لەوجەی ئیعلانێك – تابلۆیەکی هەڵواسین بۆ دەسەڵات و رێزگرتن لەپاشای ناوچەو دەسەڵات و دەسکەوتەکانی. ئێمە ئەگەر سەیری مێژووەکان بکەین دەبینین هەموویان لێك نزیکن لەگەڵ یەك لەجموجۆڵی ئاشوریان و میدیەکان و کۆتایی هاتنی ئاشوریان لەساڵی 612 پ.ز هەر لەو سەردەمەش بوو کە میدیەکان رێگای حەریریان حوکم دەکرد ولە دوای پاشماوەی ئاشوریەکان دەسەڵاتیان لەگەڵ ئاشوریەکان دابەشکرد یان راسترە بڵێین ناوچەکە... وەك چۆن رێگای حەریر لەرووباری جەلیونەوە تاکو فورات بەدەستی میدیەکانەوە بوو لەخوارووش بابلیەکان بەسەر رێگای بیابانی گەورەدا زاڵ بوون لە بەشە خوارووی دووروباری دیجلەو فورات تا دەریای سپی ناوەراست لەولاتریش فارسەکان خۆیان لەمارغە نابوو دژ بەخزمەکانی خۆیان کە میدیەکان بوون بۆ ئەوەی زاڵ بن بەسەر ئەم رێگایەی بەهەمەدان ئەکباتانەوە تێدەپەرێ ص90/ ص91 ئالەم کاتەدا بوو بابلیەکان پێش رووخانیان لەگەڵ فارسەکان هاوپەیمانەتیان بەست کە سەردەمی کۆرشی دووەم بوو... هەر چەندەش میدیەکان ویستیان رێگای حەریریان لە بابلیەکان قەدەغە بکەن . بەڵام فارسەکان توانیان بەسەر میدیەکان زاڵ بن و ئەکباتان بگرن و رێگای حەریر بخەنە ژێر دەستی خۆیان کە دواتر سەردەمی هەخامنشیەکان دەست پێ دەکات. هەموو سامان و بەرهەمی رۆژهەڵات بەمە دەگاتە بەندەرەکانی یۆنان.

ئێمە لێرەدا سەرەرای گەورەترین بەڵگە کە دانانی کێڵەشین و کێڵەکەی تۆبزاوەیە کە هەردووکیان لەسەر رێگا دانراون وە مێژوو باسی بەردی سێهەمیش دەکات.. کە هەرسێ بەرد بە دووزمان و بەخەتی مسماری نووسراونەتەوە... بەڵگەی ئەوە دەگەینێ.. کە رێگاکە رێگایەکی گرینگ بووە لەپێش زایین سەرەرای ئەوەش بەدووزمان نوسراوەتەوە کە زمانی خلدی و ئاشوریە بۆ ئەوەی بووە ئەو کەسانە تێی بگەن کە هاتووچۆ دەکەن کە دوو زمانی نووسینی سەرەکی ئەوکاتە بووە جگە لەوەی کە هەردووکێڵەکە بەدەست هێنراوە لەتەك رێگاکە دانراون وەرزیش لەیەك لەم دیوو ئەم دیوی چیاکەو لەسەرووی چیاکەش .. کە وەك شوێنێکی ناوەراستی رێگا و شوێنی پشوودان بووە رێگایەکەش دێ دەبێتە دووبەش کەلێکۆڵینەوە بەدەستمانەوەیە.. سەرێکیان ژێهەڵدەچێ و سەرێکیان بەرێگای کۆن دێتە نزیك هەولێر تا ئێستاش خەڵکی ناوچەکەو دەوروبەری رێگاکەی پێ ی دەڵێن رێگای (قەتار) کە دیارە ووشەی (قیتار) یش لەوەوە وەرگیراوە کە چەندین بار ئەسپ و بارگین و باروسوار لەدوو یەك لێکتر دەبەسترێنەوە و بەرێگادا دەرۆن تەنانەت ئێمە هەندێ شوێنمان بەدەستەوەیە دیارە کاتی خۆی بۆ (گالێسکە) عارەبانە دروستکراوە رێگایەکی پانە ...بەردەکانیشی لەدەورەیا لەکۆنیا رەش دەچنەوە .... کە لەداهاتووا وێنەکانی بڵاو دەکەینەوە خوایاریکاربێت. بەڵگەی دووەمی گرینگمان بۆ گرینگی ئەم رێگایە ئەوەیە کەوا زوبێر بلالی لەمێژووی هەولێر باسی ئەوە دەکات چۆن کاتی دارا مەلیکی فارس لەدەست ئەسکەندەری مەقدۆنی هەڵات لەشەرِی کوگمیلا بەرەو رێگای رەواندوز ئاودیو بوو هەڵات بەرای من لێرەدا دەمەوێ شتێك بدرکێنم کە مامۆستا زوبێر بلال شوێنی شەرەکە لەنزیك خازر دەستنیشان دەکات.. بەرای من دەبێ نزیك شوێنی – (ئومەر بڵ) بێت. کە ووشەکە نزیکە لە (ئورەبڵ) و ئاربل و ( ئوربلم). کە لەدەما سوار بێت ناوێکی بەم جۆرەی لێ بەدواما بێت. جگە لەوەی مامۆستا زوبێر لە ص59 کتێبەکەی مێژووی هەولێر باسی ئەوە دەکات کە ئەسکەندەر کە بەدوو دارا کەوتبوو لەو (زاب) لەنزیك شوێن گوندی (گردمامك) کە پردێکی کۆن هەیە پەریوەتەوە... کە (بگلیموش) ئەم شوێنەی بە " کورخورا" تۆمار کردووە کە دیارە ناوی ناوچەکە بووە کەهەمان شوێن لەمێژوودا بەناوی (کورەبل) ناوی هاتووە یان (قۆر) یان (قەرابلی) وەك لە (الروچتین فی اخبار الدولتین سەلاحەین) دەیکاتە بەشێك لەووڵاتی سەربە(موزەفەرەدین – مێری هەولێر (اربل).لە لــ (ص60)دا. کە بەرشای من ئەم شوێنە ناوچەی دەربندات قرابلی- کورەبل- (قۆر) وەك لەدیارات العراق هاتووە لەنووسینی ئەلبیر ئەیونا کۆریێ ئێستا کە شوێنێکی گرینگوو مێژووییە کە نزیککەی دەقەڵاتوو چەندین (دێر) و ئاشتی کۆنم لێ دۆزیوەتەوە بەدۆڵی شارستانیەتی کورد لەسەردەمی ساسانیانم لەقەلەم داوە وەك لەخەباتوو هاوار بڵاوم کردەوە لەناوەراستی مانگی یەکەمی ئەم ساڵ لە (بەرنامەی رێگا) لە tv زاگرۆس ئیعلانم کردووە لێکۆڵینەوەم بەردەوامە .. دەبێ ئەوەشمان لەیاد نەچێت کە رێکەوت نیە دوو ناوی وەك (کورخورا ) دووبارە بکەونەوە تەك یەك وەك چۆن ئێستا شارۆچکەی (کۆر) و خۆران لێك نزیکن .. کە ئەگەر وەك دووشوێنی تەك یەك بخوێنینەوە دەبێتە (کور خۆر). کەهەردوو شوێن دەکەوتنە رۆژئاوای خوارووی کێویی سەفین- هەز لەم شوێنەش رێگای کۆنی (قەتار) و پاشماوەکانی ماوەو ... رێگاکە بەردەوام دەبێت تا دەگاتە کێڵەشین و توبزاوە و دەشتی ورمێ.. کە سەرە رێگایەکی گرینگی رێگای حەریر بوو..سەرەرای ئەمانەش

هەموو ئەم بڕگەیەتان بۆ تۆمار دەکەین لەکتێبی (تأريخ الشرق الادنى القديم – ايران والاناچول لە نووسینی دکتور (سامی سەعید أحمد) و (ڕچا جواد ئەل هاشمی) لاپەرە "93" کە دەڵێن لەهەمەدانەوە چەندین ڕێگا دەردەچوو بەئێراندا بڵاودەبووەوە گرینگترینیان ڕێگای سەرەکی کە بەرەو سەرووی ڕۆژهەڵات و بۆ قەزوین دەردەچوو تا (ڕەی) وە لە (ڕەی) هێڵێکی سەرەکی بۆ ڕۆژئاوای قەزوین دەردەچوو تا سنووری دەریای (هەرکانیان) دەریای قەزوین تاکو تەبرێز بۆ خواروو لێوارو دەشتی دەریاچەی (اورمێ) ڕچائیە- یان لەتەبرێزەوە تاکو خواروو بۆ بڕینی زنجیرە چیاکانی (ڕەواندوز) و بەرەو وڵاتی ئاشور- "کەڕێگای بەیەك گەیشتن ئاشوری و فارسی و میدیەکان بوو کە ئیمرۆ بە ئازەربیجان ناوداره. ڕاستریش کە وڵاتو شوێنی لەدایك بوونی زەردەشتە" ص93 هەمانە سەرچاوە هەر ئەم ڕێگایەش بوو کەوا بووە هۆی ئەوەی هزروفیکر نەشونما بکات بەهۆی ڕێگای حەریرو ئاینی زەردەشتی سەرهەڵبداو هەر ڕێگای بخوریش بوو بووە هۆی بازرگانی و ئاینی ئیسلام سەرهەڵبدا. لەسەر ئەم ڕێگایە کە ئێمە لێرەدا ئەگەرچی چەندین زەمانە خەریکی لێکۆڵینەوەیەن لەسەر ئەم ڕێگایە زانیاریەکی زۆرمان بەدەستەوەیە... بەڵام پەرلەمان لێ نەدەکرد ئەگەر هەستمان بەوە نەکردابایە کە لێرەولەوێ چەند کەسانێکی نەفس نزم و لامژە دەیانەوێ ماندوبونمان دەستپێشخەری بدزن و بیشێوێنن وەك هەندێ کەس کە هەموو کتێبی ئاڤێستای نەوروزیان لێ وەرگرتوین یان تیۆرەکەیان بەجۆرێکی دیکە نووسیوەتەوە... بەتایبەتی ئاروسەدوو یەك دۆزینەوە لەزمان و مێژوودا لەساڵی پێش دووهەزار خەریکم و لەساڵی 2000 بۆ یەکەم جار لەبرایەتی بڵاوم کردەوە خەڵکانێك تەنیا ناوی (گاڤیان – جاف) یان گۆڕیوەو کردویانە بە (فەیلی) وەك (محمد عمر) سوودیان لێ وەرگرتووە تەنانەت هەمان نموونەشیان هێناوە کە کوردیش نازانن یان یەکێکی وەك (بـــ – سورچی) دەیەوێ ووشەکانوو لێکۆڵینەوەکانم لەکتێبێك چاپ بکات و هەموو زانیاریەکان بشێوێنێ سەرەرای وەرگرتنی زانیاریەکانم ... هەر ئەمەش وای لێ کردم زوزو ئەم لێکۆڵینەوەیە خێرایە بڵاو بکەمەوە دەستپێشخەری ئەوە ئیعەن بکەم بەدۆزینەوەی کۆنترین ڕێگای حەریر لەناوەراستی کوردستاندا کە دەگەڕێتەوە سەردەمی میدیاو ئاشورو دواتریش ... کە لەداهاتوودا باسی لێوە دەکەین خوا یار بێت .. بەوێنە داری زانیاریش دەربارەی کێڵەکان بەڵگەی ئەوەی کە دیارە کێڵەشین و کێڵی تۆبزاوە لەسەر ڕێگای کۆنی هاتووچۆی ناوچەکە بووە چونکە شوێنەکە گەرویەکی تاقانایە لەنیوەی سەرووی زنجیرە چیای زاگرۆس. کە ئەم دیویی زاگرۆس بەم دیوەی دەبەستێتەوە لەدوای گەرووی (خانەقین) کرمانشاە.

کێڵەشین بەرزیەکەی 168 سم پانی خوارەوەی 40 سم بنکەکەی = 43 ×42 سم بنکە لاکێشەیەکەی 112 ×140 دەوری ملەباریکەکەی (43) سم بارستایی کێشی 1600 کغم لەشەڕی ئێران و عێراق گوازرایەوە بۆ ارومی. ئەم کێڵە بەشێك بووە لەووڵاتی مەساسیرو نزیك پایتەختەکەی. لایەکی بەزمانی ئورار تۆیی و لایەکەی تر بەئاشوری نووسراوە. گۆڤاری شانەدەر (2) 1997 ئور ارتۆیی بەرای من وەك لەئارو سەدو یەك دۆزینەوە باسم کردوە لە ئور +ار +تۆیی. بەمانای ئور= شوێنی ئارتۆیەکان واتا ئاریەکان لەکاتێکدا کە زانیمان (ئار) و (ئور) بەمانای شوێن دێت – بۆیێ تۆبزاوەش پێی دەگوترێ کێڵە (گاور) یان کێڵە (گیاور) وەك چۆن لەدۆزینەوەی پیر خەلی باپیرە گەورەی ئیبن خەلەکان خلکان بن باوەك بووە کە باپیرە گەورەی ئیبن خەلەکانە لەسەر هەمان شێوەی (گیاور) کە ڕەسەنایەتیەکەی (گاورە) – مێژووی ئەم دووکێڵەش دەگەڕێتەوە ساڵی 715 پ.ز کە لەسەردەمی مەساسیرو ئاشورو ئورارتۆیی بووە. ئۆرارتوییەکان پاڵپشتی مەسایر (ڕەواندزیان) کردووە. کە دیارە شوێنەکە سەرە ڕێگا بووە سەرکەوتنەکە بەجیهان ڕادەگەینێ. بەسەر ئاشوریان.